# کەمال محەمەد بۆ گوڵان

# پێش جەژن بە دیدارتان شاد دەبم



***کەمال محەمەد ئەو هونەرمەندە خاوەن ئەزموونەی لە سەرەتایی سالآنی هەشتاکانەوە خزمەتی هونەری کوردی دەکات و توانیوویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی پەلکێش بکات هەمیشە ئیمە کە گوی بیستی دەنگی هونەرمەند کەمال محەمەد دەبین دەمانباتەوە بۆ ئەو سەرەتا هونەرییەی ئەو کە لەگەل هونەرمەند کاروان عوسمان رەحمەتی گۆرانی نەورۆزەکەمیان دەگووت و جۆش و خرۆشی خەلْکیان دەدا بۆ کوردایەتی گیان بەخشین لە پێناوی کوردستاندا، کەمال محەمەد ئەو دەنگەی جارێکی تر عاشقان دەکاتەوە وەکو هەموو ئەو رۆژانەی کە عیشق تەواوی ژیانی داگیر کردبووین ئەو دەمانباتەوە بۆ لای دنیایەکی پر لە بەرائەت و گۆرانییەکانی خانم گیان و تۆپەپولەی سەربەردەکانی و باوە نوور و کوڕی شیرینم مەترسە جێت ناهێلْم، دەچرپێنی و ئیستاش بەم بەرهەمە نوێیەی کە بەناوی (هاوڕێیە) وەفا و خۆشەویستی خۆی بۆ هەموو هاوڕێیانی دنیا دەردەبرێت و موژدەش بە هەوادارانی دەنگی دەدات کە پیش جەژنی رەمەزانی پیرۆز ئەلبومە نوییەکەی بڵاو دەکاتەوە کە بریتی یە (١٠) تراك تەواوی ئاوازی بەرهەمەکانی لەلایەن هونەرمەند عەتا ئەحمەد ئامادەکراوە کاری بەرهەم هینان و بڵاو کردنەوەی ئەم بەرهەمەش لە لایەن سەنتەری رۆشنبیری شار لە سلێمانی کاری بۆ کراوە ئێمەش پێش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە بە چەند پرسیاریك هونەرمەند کەمال محمد مان بەسەر کردەوە.***

*** دەمانەوێ لە زاری خۆتەوە بزانین کەی موژەی بڵاو بوونەوەی بەرهەمە نوێکەت بە جەماوەرو خوێنەرانی گوڵان دەدەیت ؟**

- پێشەکی دەڵێم زۆر سوپاس بۆ ئێوە و بۆ جەماوەری خۆشەویستم کە هەمیشە بە دوای زانینی هەواڵەکانی منەوەیە و دەیەوێ بزانێت کارەکانم بە چی گەیشتن، دەلێم موژدە بە هەوادارانی خۆم و خوێنەرانی گوڤاری گوڵان دەدەم کەوا پێش جەژنی رەمەزانی پیرۆز بەرهەمە نوێیەم دەکەمە جەژنانە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان لە ناوەو دەرەوەی کوردستان هیوام وایە پەیامێکی هونەری جوان و جەژنانەیەك بێت کەوا لیم قبوڵ بکەن و، من ئومید دەکەم کەوا ئەم بەرهەمە بەرهەمیك بیت کەوا لای جەماوەر بەکارێکی سەرکەووتوو ناو ببرێت و جێگای خۆی لە لای هەوادارانی دەنگی من و هونەری کوردی بکاتەوە.

من پێشتریش ئاماژەم بۆ کردووە ئەم بەرهەمە هەمان ئەو ستایلەیە کە من پێشتر کارم لە سەر کردووە و پێی ناسرا بووم لای جەماوەری کوردستان واتە دەتوانم بڵێم دەمەوێ وەك کەمالی جاران بم بیننەوە و بێمەوە خزمەتیان بە کۆپلەیەکی کاری نوێوە، لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاس و پیزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانەی بکەم کە هاوکارم بوون لە ئامادە کردنی ئەم بەرهەمەدا و رێزم بۆ سەنتەری رۆشنبیری شار هەیە کەوا توانی تەواوی ئەرکی ئەم بەرهەمە لە ئەستۆ بگرێت و هیوادارم لەگەڵ کۆمپانیا و سەنتەرەکانی دیکەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان بتوانن خزمەتێکی زۆر بە هونەرمەندان و هونەری کوردی بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ پێشخستنی و گەیشتنی بە ئاستی هونەری جیهانی.

*** کارێکە زەحمەتە بەرهەمەکانی هونەرمەندان لە یەك ئاستدا بن، تۆ لەوە ناترسی ئەم بەرهەمەت وەکو بەرهەمەکانی پێشووترت باش نەبێت و لە لایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێنەکرێت؟**

- نەخیر چونکە من ئەو ستایلەم هەڵبژاردووە کە جەماوەر دڵخۆش دەکات، جەماوەرحەزیان بەو ستایلەیە و دوای بڵاو بوونەوەی ئەم بەرهەمەش خۆتان ئەنجامی کارە دەبینن و جەماوەریش خۆیان وەڵام دەدەنەوە واتە پێشوازی جەماوەر بۆ بەرهەمەکە وەڵامێکی ئەو پرسیارە دەبێت.

*** هیچ ئاستەنگیك لە کاتی ئەنجام دانی کارەکە نەهاتە پێشتان؟**

- خۆی هەموو کارێك بۆ خۆی ماندوو بوونی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو ماندوو بوونیك ئەنجامێکی هەیە من بەوە خوشحالم کە ماندوو بوونی من ئەنجامەکەی خزمەتکردنی جەماوەرەکەم و خەلکی کوردستانە .

لێرەشەوە حەز دەکەم رێز و خۆشەویستی خۆم بنێرم بۆتەواوی میدیاو کەناڵەکانی راگەیاندن کە هەمیشە هاوکاری هونەرمەندان بوون بە هی ئەم بەرهەمە خزمەتیان بکات

*** لە کۆتاییشدا هونەرمەند کەمال محەمەد گوتی:**

- لە رێگای گۆڤاری گوڵانەوە پەیامم پیرۆزبایی جەژن لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بە تایبەتی سەرنووسەر و ستافی گوڤاری گوڵان کە هەمیشە ماندوون لەگەڵ هونەرو هونەرمەند و ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنم، هەروەها ئاواتێکم هەیە کە دەمەوێ بیلێم ئەویش ئەوەیە لە ئایندەدا بێمەوە وڵاتی خۆم لەوێ زیاتر خزمەت بە جەماوەری خۆم و هونەری کوردی بکەم.

ئا: (سۆران مارف)

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "گروپی بەجەرگەکان" باشترین فیلمی ئەم هەفتەیەی سینەماکانی ئەمەریکایە

- ســێ فیلمی نوێ لەم هەفتەیە هاتنە ناو پێشبڕکێکەوە

- "گەڕەکــی هــەژارەکان" پلەیــەك چووە دواوە فیلمــی "Inglourious Basterds" لەمــاوەی ســێ ڕۆژ بەژداری کردن لە ســینەماکانی ئەمەریکا توانــی بە کۆکردنــەوەی ٣٧،٦٠٢ ملیۆن دۆلار پلەی یەکەمی پێشــبڕکێی باشترین فیلمی هەفتە بەدەست بێنێت.

"Inglourious Basterds"

فیلمێکی جەنگاوەری مێژوویی سیاســیە، باس لەگروپێکی چەکــداری ئەمەریکی بەجەرگ و زۆر بەتوانا دەکات کەبەرەگەز جولەکەن، و هەڵبژێردراون بۆ ترس خســتنە دڵی نازێکانی ئەڵمان لەکاتی داگیرکردنیان بۆ وڵاتی فەرەنســا، ئەمــەش لەجەنگی جیهانی دووەم؛ کردارەکەشــیان ئەوەیە کەوا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەڵمانێکان دەفرێنن و زۆر بە دڕندانە دەیانکوژن و پاشان لەشوێن ڕێی ســوپای ئەڵمان دایدەنێن. لەکاتی ئەم ڕاوکردنەیــان بــۆ ئەڵمانێــکان چاویان بە ئافرەتێکی فەرەنســایی جولەکە دەکەوێت کەوا بەڕێوبەری هۆڵێکی ســینەماییە و سوپای ئەڵمانیش زۆر سەردانی دەکەن...

ئــەم فیلمە لە فیلمــە زۆر بەتواناکانی ئەمســاڵ دەژمێردرێــت، لــە دەرهێنانی "کوینتیــن تارانتینۆ" یە و هەر خۆشــی سیناریۆکەشی نوسیوە، پاڵەوانانی فیلمەکە: ئەکتەری پڕ جەماوەری هۆلیوّد "براد پیت"، میلانی لــوران، کریســتۆف والتز، ئیلی رۆس، دیان کۆرجــەر، جاکی ئیدۆ، پاوڵ رۆست، لەگەڵ جولی دریفوس.

**ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریــکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:**

١- Inglourious Basterds (٣٧،٦٠٢ ملیۆن دۆلار.

٢- DISTRICT 9 (١٨،٩٠٠) ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمە هەفتــەی دووەمە بەژداری دەکات لــە هەفتــەی یەکەمیــدا توانی پلــەی یەکەم بەدەســت بێنێت، تائیســتا ٧٣،٤٩١ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

ئەم فیلمە لەو فیلمانەیە کە پێیان دەوترێ "خەیاڵی زانستی" باس لە کۆمەڵێك بونەوەر دەکات کە لەهەســارەیەکی ترەوە هاتونەتە سەر زەوی و لەیەکێك لەگەڕەکە فەقیرەکانی ئەمەریــکا دەژین، و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یەکێــك لەئاژانســەکانی ئەمەریکا دەیاندۆزێتەوە و بەتەکنەلۆجیای ســەردەم دەتوانێت بەسەریان زاڵ بێت.

٣- G.I. Joe: The Rise of Cobra (١٢،٥٠٠ ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمە هەفتەی ســێیەمە بەژداری دەکات، لەهەفتــەی یەکەمیــدا توانــی پلــەی یەکەم بەدەســت بێنێت، تائێســتا ١٢٠،٥٣١ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکــە باس لــە کۆمەڵێکی لێهاتوو ئەکات لە ســوپا بەنــاوی G.I. Joe بەرەنگاری ڕێکخراوێکی دڕندەو شەڕەنگێز دەکەن، و سەرۆکی ڕێکخراوەکە بازرگانێکی چەك و تەقەمەنییە.

٤- The Time Traveler's Wife (١٠،٠٢٥ ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمە هەفتــەی دووەمە بەژداری دەکات، هەفتەی پێشــو پلەی ســێیەمی بەدەست هێنابوو، تا ئێستا ٣٧،٤٤٨ ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە.

فیلمەکە لەجۆری فیلمە ڕۆمانسێکانە، بــاس لە کابرایەك دەکات کەوا بەرپرســی پەرتوکخانــەی شــیکاگۆیە بەدەســت نەخۆشــیەکی دەگمەنەوە دەناڵێنێت، کەوا دەتوانێت لەچەند سەردەمێکدا بژی، لەنێوان ئەم ســەردەمانەدا خۆشەویســتی ژیانی خۆی ئەدۆزێتەوە و لەگەڵیدا هەوڵ دەدات ژیانێکی ئارام بەسەر بەرێت.

٥- Julie & Julia (٩،٠٠١ ملیۆن دۆلار.

ســێ هەفتەیە ئەم فیلمــە بەژداری دەکات، فیلمەکە تائێســتا ٥٩،٢٨٨ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

باس لە ژیانی جولــی و جولیا دەکات لــە چوارچێوەیەکی کۆمیدیــا، کەوا هەر یــەك لە جولی و جولیا لەشــوێن و کاتی جیــاواز دەژین بەڵام بۆیان دەردەکەوێت کەوا بەیەکگرتن دەتوانن هەموو شتێك بکەن.

٦- SHORTS (٦،٦٠٠ ملیــۆن دۆلار.

ئــەم فیلمــە لــە فیلمــە نوێیەکانە و ئــەم داهاتــەی لەمــاوەی هەفتەیەکدا کۆکردۆتەوە.


٧- G-Force (٤،٢٠٥ ملیــۆن دۆلار

ئێنج هەفتەیە ئەم فیلمە بەژداری کردووە، هەفتەی پێشــو پێنجەمی پێشبڕکێکبوو، تائێســتا ١٠٧،٣١٥ ملیــۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.









٨- Harry Potter and the Half-Blood Prince (١٣،٥١٥ ملیۆن دۆلار.

ئەگــەرچی هــاری پۆتەر ناوبانگێکی زۆری هەیە، بــەڵام بــەشــی شەشەمی ئەم فیلمە نەیتوانی وەك بەشەکانی تــر، داهاتێکی زۆر بەدەست بێنێت، حەوت هەفتەیە بــەژداری کردووە، و تائێستا ٢٩٠،٢٧٥ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

٩- The Ugly Truth (٢،٨٥٠ ملیۆن دۆلار.

ئــەم فیلـمـەش هەفتەی حوتەمە بـەژداری دەکات، هەفتەی پێشو هەشتەمی ڕیزبەندکــەبــو، تائێستا ٨٢،٨٨٧مـلـیـۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

١٠- Post Grad (٢،٨٠٠ ملیۆن دۆلار

ئـەم فیلمەش لـە فیلمە نوێیـەکـانە و یەکەم هـەفـتـەیـە بــەژداری دەکـات، و ئەم بڕە پارەیەی بــە ســێ ڕۆژ پەیدا کردووە.

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

هونەری

## هونەرمەندی سوری ئوسامە نیعمە بۆ گوڵان:

# لە کوردستان ئاهەنگ دەگێڕم

***ئوسامە نیعمە گەنجێکی چالاك و بەتوانای ناو هونەر و گۆرانی و موسیقای سوریایە بە گۆرانییە میللییە شامییەکان و بەرهەمە زۆرەکانی خەڵکی دیمەشقی پایتەخی سوریا دڵخۆش دەکات، بۆیە گۆرانییەکانی لەسەر زاری گەورە و بچووکەکانی شاری دیمەشقەوە و هەموویان دەیڵێنەوە و بووەتە خۆشەویستێکی خەڵکی دیمەشق، هەرچەندە دەرکەوتنی وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکە نییە و رەنگە کلیپیشی بەو شێوەیە نەبێت کە تا رادەیەکی زۆر ناسراو بێت، بەڵام لەسەر ئاستی میللی ئەوا جەماوەر و ناوبانگێکی زۆرە، بە ئاشکراش رایگەیاند کە زۆر بە ئاواتەوەیە بێتە کوردستان و لێرە کۆنسێرت ساز بکات، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دوای ئەوەی چەندین جار چاومان پێی کەوت و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەگەڵ گۆڤارێکی کوردی دیمانە ساز بکات ئەم دیدارە هونەرییەمان لەگەڵیدا ساز کرد.***

گۆرانی گوتن بەر لە هەموو شتێک بەهرەیە ئەو کەسەی کە گۆرانی دەڵێت

جۆرە لێک نزیک بوونێک لە نێوان هونەری میللەتانی ناوچەکەدا هەیە

*** سەرەتا سوپاست دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە بۆت رەخساندین هیواداریین لە نزیکەوە بتناسین؟**

-من ئوسامە نیعمە زۆر خۆشحاڵم بەوەی بە دیداری گوڤاری گوڵان شاد دەبم، ساتێکی خۆش ساتێکی جوانە بۆ من هیوادارم بۆ ئێوەش وا بێت.

*** سەرەتاکانی کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

-من ماوەی پانزە ساڵە سەرقالی خزمەتکردنی کاری هونەریم ئەوەی بۆتە هوکار کەمن حەزم بۆ کاری هونەری هەبێت هاندانی برادەرەکانم هەروەها ئەندامانی خێزانەکەم بوو من ئێستا شارەزاییەکی باشم هەیە لە بواری گۆرانی هەیە.

*** خۆ دۆزینەوەی تۆ لە بواری هونەری گۆرانی سەرەتا لە پەیمانگا یا ئەکادیمای هونەرە بوو یاخود بەهرەو توانایی تۆ وایکرد کە خزمەتی دنیای هونەری گۆرانی بکەیت؟**

- نەخیر ئەوەی هۆکار بوو بەهرە هونەرییەکەی خۆم بوو پاشانیش خولی تایبەتی موزیك و گۆرانی بووە بناغەیەك بۆ ئەوەی من بێمە نێوە بوارەکەوە و توانا و بەهرەکانی خۆمی تێدا بخەمە گەڕ و خزمەتێك بە گوێگرانی دەنگی خۆم و دنیای هونەری گۆرانی بکەم، بەڵام بەر لە هەموو شتێك حەز و خولیای خۆم بووە.

*** تا چەند مەرجە بەلای تۆوە هونەرمەند دەرچووی پەیمانگای هونەر یان کولێژی هونەر بێت ؟**

- من پێم وایە بناغەی هونەر دەبێت حەزو خولیا بێت، پاشانیش تۆ دەبێت خاوەنی دەنگێکی خۆش بیت، چونکە گۆرانی گوتن بەر لە هەموو شتێك بەهرەیە ئەو کەسەی کە گۆرانی دەڵێت دەبێ بەهرەی هەبێت، لەگەڵ



دیمانە: نێردراوی گوڵان
دیمەشق (سۆران مارف)



ئەمەشدا دەرچووی یەکێك لەم شوێنانە بێت باشترە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند.

*** تا چەند هەوڵتان داوە وەکو گەنجانی هونەرمەند لە وڵاتی سوریا ڕەسەنایەتی هونەری خۆتان بپارێزن ؟**

-بێگومان ئێمە کارمان لە سەر پاراستنی ڕەسەنایەتی هونەری خۆمان کردووە، بەردەوامیش دەبین لە هەوڵەکانمان هەر بۆیەش ئەوەی زۆر لە ئاهەنگی شەوان و دانیشتنە تایبەتییەکاندا داوامان لێدەکرێت گۆرانییە ڕەسەنەکانی خۆمانەکە پیشکەشی دەکەین بۆیەش لە زۆربەی شەو ئاهەنگەکانیشدا ئێمە گۆرانی ڕەسەنی خۆمان پێشکەش دەکەین و لە بەرهەمەکانیشدا هەوڵ دەدەین زیاتر کار لەو بوارەوە بکەین، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپاندا پێشکەش دەکرێت زۆر و جۆراوجۆرە، بەڵام جەماوەر هەر داوای گۆرانی ڕەسەن و میللیمان لێدەکات.

*** جگە لە هونەری فۆلکلۆری خۆتان تا چەند هەوڵتان داوە سوود لەو مۆسیقای دەوروبەر وەربگرن؟**

- بە تەئکید ئێمە کارمان کردووە بۆ پێشخستنی هونەری ڕەسەنی خۆمان لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەین سوود لە مۆسیقای دەوروبەر وەربگرین و سودیشمان لێی وەرگرتووە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی هونەری خۆمان بە تایبەتی لەلایەنی هونەرە میللییەکانەوە، چونکە جۆرە لێك نزیك بوونێك لە نێوان هونەری میللەتانی ناوچەکەدا هەیە.

*** هەر گۆرانیبێژێك حەز دەکات بە شێوازێك گۆرانی بڵێت، تۆ زیاتر حەز بە کارکردن دەکەیت لەسەر هونەری میللی یاخود ستایلی گۆرانی نوی؟**

- من لە هەر دوو شێوازەکە کارم کردووە و کار دەکەم ئەوەش زۆر گرنگ نییە بەلامەوە، گرنگ ئەوەیە من وەك هونەرمەند تاچەند توانیومە ئامانجی هونەری خۆم بپێکم.

*** تۆ تا چەند ئاشنایت بە هونەری کوردی بە تایبەتی هونەری کوردستانی عێراق ؟**

-من زۆر حەز بە ئاوازەکانی گۆرانییە کوردییەکان دەکەم وە ئاشنایم هەیە بە ئاوازو گۆرانی کوردی، زۆر لە هونەرمەندانی سوری سوودیان لە مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوە زۆر جاریش لە تایتڵەکان ئاماژەی بۆ کراوە وەك خۆتان دەیبینن.

*** هونەری لای تۆ چی پەیامێکە؟**

-هونەر پەیامی خۆشەویستی و نامەیەکە بۆ خزمەت کردنی خەڵك، هونەر هەروەها خولیایە بۆ مرۆڤ و یەکێکە لە هۆکارەکانی جوانتر کردنی ژیان.

*** تا چەند دەکرێت بە کاری هونەرییەوە بازرگانی بکەیت واتە هونەرمەند بۆ پارە خەریکی کاری هونەربێت ؟**

- بە لای منەوە هەردووکیان گرنگە بۆ نموونە تۆ ئەگەر مادەت نەبێت ناتوانی کاری بەرهەمهێنانی سیدیەك بکەیت بە بوونی داهات و خەرجییەکی باش دەتوانی کارێکی باش بکەیت و چەند دەنگت خۆش بێت ناتوانی کاری باش بکەیت ئەگەر مادەت نەبێت.

*** حەز دەکەیت بێیتە کوردستان و ئاهەنگێك بۆ خەڵکی کوردستان ساز بکەیت ؟**

-تەمەنا دەکەم بتوانم بێمە کوردستان و ئاهەنگێك بۆ خەڵکی کوردستان ساز بکەم.

***هونەری وڵاتی سوریا لە هەموو لایەنێکەوە دەوڵەمەندە چۆن توانیوتانە ئەم هونەرە دەوڵەمەند بکەن ؟**

- هونەری سوریا هونەرێکی خاوێنەو هەمیشە زیاتر گرنگیمان بەڕەسەنایەتی هونەری خۆمان داوە لە کارەکاندا، بۆیەش زیاتر خەڵکی دەرەوەی سوریا سوودیان لە هونەری ئێمە وەرگرتووە.

*** تا چەند سوودت لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای عێراقی وەرگرتووە؟**

- من زۆر گوێ بیستی گۆرانی عێراقی دەبم سوودیشم لێوەرگرتووە دەتوانم بڵێم لە سەدا حە فتا من سوودم لە هونەری عێراقی وەرگرتووە وە زۆر حەز بە دەنگی هونەرمەندان (کازم ساهیرو ماجید ئە لموهە ند یس ) دەکەم لە هونەرمەندە کۆنەکانیش حەز بە دەنگی (نازم غەزالی و یاس خزر ) دەکەم.

*** دواین پەیامت چییە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان؟**

-من ڕێزم هەیە بۆ ستافی گۆڤاری گوڵان و بە خوێنەرانیش دەڵێم لە ئایندەدا هەوڵ دەدەم بێمە کوردستان و بە گۆرانی و مۆسیقا دڵخۆشیان بکەم.

**لە هونەرمەندە کۆنەکان حەز بە دەنگی (نازم غەزالی و یاس خزر ) دەکەم**

# ئەلیسا: ئۆباما سوارچاکی خەونەکانمە



لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا خانمە هونەرمەندی لوبنانی ئەلیسا رایگەیاند کە ئەو پێی وایە لە حاڵی حازردا باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باشترین پیاوە لەسەر ئاستی و بە موعجیزەیەکی گەردوونی دانا کە زەحمەتە جارێکی دیکە دووبارە ببێتەوە.

ئەلیسا هەروەها گوتی: ئۆباما لە گەورەترین دەرگاکانەوە چووەتە نێو مێژوویەوە کاتێك توانی بە زیرەکی و لێهاتوویی و بەهێزی و پتەوی کەسایەتی خۆی و توانی ئەوە بسەلمێنی کە سەردەمی کاری ئەستەم و موستەحیل بۆ هەتا هەتایە بەسەر چوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە ملیۆنەها ئەمریکی دەنگی بۆ بدەن و بە سەرۆکی خۆیانی هەڵبژێرن.

ئەلیسا لە لێدوانەکەیدا جەخت لەسەر گرنگی ئەم بابەتە دەکات و دەڵێ: ئەمریکییەکان باش دەیانزانی ئەسڵ و رەچەڵەکی ئیتنی و ئایینی ئۆباما چییە، بەڵام ئەمانەیان هەموو پشتگوێ خست و گرنگییان پێ نەدا و سەیری رابردووی ئۆبامایان کرد نەك رەچەڵەکی، ئەلیسا هەروەها گوتی: هەڵبژاردنی پیاوێکی رەش پێستی وەك ئۆباما بە سەرۆك لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، دەستکەوتێکی مێژووییەوە بۆ کەسێك کە توانیویەتی بروا و متمانەی هەموو لایەك بەدەست بهێنێت، لە کۆتاییشدا ئەلیسا ئەوەی نەشاردەوە کە هیوا خوازە کە رۆژێك لە رۆژان وا رێك بکەوێت سوارچاکی خەونەکانی بە هەمان مواسەفاتی ئۆباما بێت، چونکە زیاد لە پێویست مرۆڤێکی سەرنج راکێش و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە.



# کراسێکی جاکس

خانەی (پۆنامز و باترفیلدز) بۆ مەزادی ئاشکرا رایگەیاند ئەو کراسەی کە مایکڵ جاکسۆنی ئەستێرەی پۆپی کۆچ کردووی ئەمەریکی مایکڵ جاکسۆن لە کلیپی (بیت ئات) لەبەری کردبوو بە مەزادێکی ئاشکرا لە لۆس ئەنجلۆس دەفرۆشێت لە ٢١ی کانوونی یەکەمی داهاتوو.

ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی لەو بارەیەوە رایگەیاند ئەو کراسەی کە نمایش دەکرێ بۆ فرۆشتن مایکل جاکسۆن لە کلیپێك لەبەری کردبوو کە لە فیلمی (چیرۆکی کەرەگی رۆژئاوا) وەرگیرا بوو و تێیدا جاکسۆن وا دەردەکەوێت کە دەیەوێت ناوبژی بکات لەنێوان دوو کۆمەڵە جەردەی بەشەڕ هاتوو و ئەم گۆرانییەش بەشێکە لە ئەلبوومی (تریلەر) کە لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکرایەوە.

ئەم کراسە ئێستا لای هاوڕێیەکی جاکسۆنە وئەو کاتەی تەمەنی ١١ ساڵان بوو دوای کۆتایی هاتنی کلیپەکەی بە چەند رۆژێك جاکسۆن بە دیاریی پێشکەشی کردبوو، لە لایەکی دیکەوە رۆژنامەی (نیۆیۆرك تایمز) ئاشکرای کرد کە مایکڵ جاکسۆن بە پێش ئەلفێس برێسلی کەوتووە لە بارەی ئەو قازانجە ماددیانەی دوای مردنی



## ـــۆن مەزاد دەکرێت


خۆیان بەدەستیان هێناوە، ئەو لایەنانەی بە کۆکردنەوەی ئەو قازانجانەی کە جاکسۆن بەدەستی دەهێنێت وا پێشبینی دەکەن تا کۆتایی ساڵ ئەم قازانجە بگاتە بڕی سەد ملیۆن دۆلار ئەویش لە ڕێگای گرێبەستێك بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك و کۆمەڵێك پروپاگەندەی دیکەی جۆراوجۆر لە کاتێکدا قازانجەکانی لە ٥٥ ملیۆن دۆلار تێپەڕی نەکردبوو کاتێك کۆچی دوایی کرد.

واش بڕیارە بەشێکی زۆری ئەم سەروەتە بۆ دانەوەی قەرزەکانی مایکڵ بێت کە بە سەدان ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت کە لەپاش مردنی ماوەتەوە.

شایەنی گوتنە لە دوای کۆچی دوایی مایکڵ جاکسۆن هێواش هێواش جلوبەرگ و کەلوپەلە تایبەتییەکانی دەردەکەون، چونکە ئێستا کوڕەکانی جاکسۆن لای دایکیان ژیان بەسەر دەبەن و دادگا ڕەتی کردەوە کە دایکی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت مامەڵە بە سەروەت و سامانی کوڕەکەیەوە بکات و چل لە سەدای سەروەتەکەیان بۆ دەمێنێتەوە و بیست لە سەدای بۆ کاری خێرخوازی دەبێت و ئەوی تریش بۆ دانەوەی قەرزەکان دەبێت.



# ئاڤان له گرووپێكی نوێدا



خانمە گۆرانیبێژ ئاڤان جەمال لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ گوڵان ڕایگەیاند ئێستا سەرقاڵی تۆمار کردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێیە کە لە سێ گۆرانی پێکدێت یەکیان لە شێوازی ڕۆژهەڵاتییەوە نزیکە و دووەکەی تریش بە شێوەزاری کرمانجی ژووروەوە و لە ستایلی کوردستانی تورکیاوە نزیکە لەگەڵ پارچە مۆسیقایەك و ئەم کارەش لەگەڵ گرووپێکی نوێی مۆسیقا ئەنجامیداوە و بڕیار وایە لە ڕێگای کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە بۆ یەکەم جار بڵاوبکرێتەوە.

ئاڤان جەمال لە لێدوانەکەیدا ئەوەشی ڕوون کردەوە کە گرووپەکە بە ناوی گرووپی (پاییز)ە و ئەو بەرنامەیەی کە لە کەناڵی کوردسات بڕیار وایە پێشکەش بکرێت زیاتر بۆ ناساندنی گرووپەکەیە کە پێکهاتووە لە حەوت مۆزیسیان و گۆرانیبێژێك، دوو ئافرەت هەن لە گرووپەکە ئامێری ساز دەژەنن، و چەند ژەنیارێکی دیکەی عود و ڕیتم و باڵەبان و خۆیشم گۆرانیبێژی گرووپەکەم،کارەکان هەموویان هی کرمانجی ژووروون و ستایلەکەش تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازە و لێرە کەمتر کار بەو جۆرە ستایلە کراوە.

ئاڤان هەروەها باسی لەوەش کرد ڕەنگە ئەوە نەتوانێت بەردەوام بێت لە کار کردن لەگەڵ ئەو گرووپە.